پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر دە شەوی کۆتایی بهاتایە؛ شەوەکانی زیندوو دەکردەوە، وخێزانەکانی هەڵدەستاند، وهەوڵ وکۆششی زۆری دەکرد، وئیزارەکەی^ توند دەکرد

لە عائیشەوە (دایکی ئیمانداران) -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر دە شەوی کۆتایی بهاتایە؛ شەوەکانی زیندوو دەکردەوە، وخێزانەکانی هەڵدەستاند، وهەوڵ وکۆششی زۆری دەکرد، وئیزارەکەی^ توند دەکرد (دوور دەکەوتەوە لە -جووتبوون وپێشەکیەکانی-)». ^(ئیزار: جلی نیوەی خوارەوەی لاشەیە)

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەگەر دەی کۆتایی مانگی ڕەمەزان بهاتایە؛ شەوەکانی بە جۆرە جیاوازەکانی پەرستن زیندوو دەکردەوە، هەروەها خێزانەکانی بەخەبەر دەکردەوە بۆ نوێژکردن، وزۆر کۆششی دەکرد لە پەرستندا زیاتر لەوەی لەکاتی ئاسایی ئەنجامی دەدا، هەروەها خۆی بۆ پەرستنەکان یەکلایی دەکردەوە ودوور دەکەوتەوە لە خێزانەکانی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4944